Vihreät De Gröna

# بۆچی دەبێ لە ساڵی ٢٠٢١ دەنگ بدەن؟

ئاخۆ دەزانن کە تەنانەت ئەگەر هاوڵاتی فینلاندیش نەبن، لەوانەیە بتوانن لە هەڵبژاردنی شارەوانی فینلاند لە تورکودا بەشدار بن و دەنگ بدەن؟

ئەگەر لە رۆژی هەڵبژاردن دا لانیکەم ١٨ ساڵتان تەمەن بێت و ناونیشانی شوێنی ژیانتان لە تورکو بێت دەتوانن دەنگ بدەن، یان ئەوەیکە:

1. ئێوە هاوڵاتی یەکیەتی ئەوروپا، نۆروێژ یان ئیسلەندا بن.
2. یان ئێوەی هاوڵاتی وڵاتێکی دیکەن و دوو ساڵ یان زیاتر لە فینلاند ژیانتان بەسەر بردووە.

هەڵبژاردنی شۆرا (ئەنجومەن)ی شار و شارەوانی زۆر گرینگە. شاری تورکو بەرپرسی ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتگوزاریەکانی کە هەموو لایەک دەخاتە ژێر کاریگەریەوە. ئەم خزمەتگوزاریانە پێک دێن لە خزمەتگوزاری تەندروستی، خزمەتگوزاری مەکتەب، باخچەی منداڵان، هاتوچۆو گواستنەوەی گشتی، تۆرەکانی رێگاو بان، پلانی شار، کتێبخانەکان، باخە گشتی (پارک)کان و هتدن.

شۆرای شار دامەزراویەکە کە بریار دەدات کە شاری تورکو چۆن بێت و چۆن بێتە بەرچاو و چ هەسێکی هەبێت. ئەم شۆرارە بریار لەسەر هەموو بوارە گرینگەکان دەدات. بریار گەلێک وەک..

- لە کوێ دەبێ قوتابخانە دروست بکرێت؟
- ئاخۆ خزمەتگوزاری تەندروستی دەبێ بەخۆرایی بێت؟
- رێژەی باج دەبێ بەرز بێت؟
- چۆن دەتوانرێ سیسمێکی گواستنەوەو هاتوچۆی گشتی باشتر رێک بخرێت؟ و زۆر بریاری دیکە...

ئەم شۆرایە هەر چوارساڵ جارێک بە شێوەی دێموکراتیک لە هەڵبژاردنی شارەوانی هەڵدەبژێردرێت. هەڵبژاردنی ئەم جارە لە ١٣ی مانگی ٦ی ساڵی ٢٠٢١ بەرێوە دەچێت.

ئەگەر مەرجەکان دەتانگرێتەوە، دەبێ پێش هەڵبژاردن ئاگاداری مافی دەنگدانتان (äänioikeusilmoitus) بە زمانی فینلاندی) لە لایەن پۆستەوە بۆ بنێردرێت. بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ئەم ماڵپەرە فەرمیە (تەنیا بە زمانی ئینگلیزی) بکەن:

https://vaalit.fi/fi/right-to-vote-and-compilation-of-the-voting-register

Huomenna TURKU ON VIHREÄ

## بۆچی دەبێ دەنگ بە حیزبی سەوزەکان (Vihreät) بدەن؟

لە ئێستا دا سەوزەکان (Vihreät) دووهەمین حیزبی گەورەن لە تورکو. ئێمە پارێزگاری لە ژینگە، ئاو و هەوا، پەروەردە و فێرکردن، چاوەدێریە تەندروستیەکان، روونی و کراوەیی دەکەین.

گرینگترین بابەتەکانی ئێمە لە تورکو بریتین لە:

- ئەو شارە دەبێ پارێزگاری لە ژینگە و ئاو و هەوا بکات. ئەم بابەتە پێویستی بە سیستمێکی هاتوچۆو و گواستنەوەی گشتی زۆر بەهێز و کارئامەد و هەروەها پشتیوانی لە دووچەرخە سواری و پیاسەکردن هەیە.
- شار دەبێ بە پێی پلانێکی باش و بەهێز بنیاد بنرێت، بەڵام هەروەها دەبێ سەوز و جوانیش بێت.
- پەروەردە و فێرکاری کوالێتی بەرز و یەکسان بۆ هەموو کەس بەردەست بێت. دەبێ مامۆستای پێویست دامەزرێندرێت و قوتابخانەکان بودجەی پێویستیان هەبێت.
- تورکو دەبێ باشترین شاری خوێندکاری بێت.
- خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبێ بۆ هەموو کەس بەردەست بێت، هەروەها بۆ کۆچبەران و کەسانی بێ بەرگەش کە لەو وڵاتە دەژین.
- شارەکە دەبێ پشتیوانی و یارمەتی ئەو کەسانە بکات کە زیاتر پێویستیان بە یارمەتیە: بۆ نمونە بەساڵداچووان، منداڵان، ئەوانەی کێشەی دەرونیان هەیە یان بەهۆی گیرۆدەبوونەوە ئازار دەچێژن، کۆچبەران ئەوانەی کە جارێ شارەزایی زمانی فینلاندیان نیە.
- کولتوور و وەرزش بۆ ژیانێکی باش، پێویستن و دەبێ پشتیوانی لە بوارانە بکرێت.
- لە رێگای باشتر کردنی تەندروستی خەڵک و بەچارەسەر کردنی کێشەکان بەر لە گەورەبوونەوەیان ئابووری شارەکە لە قەیران و کێشەکان بپارێزین
- ئەم شارە دەبێ لە پرسی کەڵک وەرگرتن لە باجی باجدەران روونتر بێت.
- ئەم شارە دەبێ هاندەری ئەو جۆرەشەریکانە بێت و پشتیوانیان لێبکات کە بتوانن هەڵی پیشە و کار بۆ دانیشتوان برەخسێنن.